Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 365–385
http://www.ijoks.com

# Dead Burial Ceremony: An Anthropological Study

*Nadia Wali Jabbar*[1] *Hardi Zead Salih*[2]

**Received**: Feb 23, 2018 **Reviewed**: Mar 11, 2018 **Accepted**: Mar 17, 2018

## Abstract

This is an anthropological study; the study tries to show the tradition of death burial ceremony in Erbil city. The purpose of the study: the trial of describing and showing death burial ceremony according to Erbil's traditions and culture; to know how much effects does it have on the way people act and the changes that have happened to this ceremony and showing them; mentioning the functions of this ceremony. In this study ethnographical and comparative methods are used. Purposive sample is also used the type is (intensive sample) which contains 8 individuals the used tool in this study (interview and observation). The aim of the study: this ceremony keeps the way deaths are buried. This ceremony shows the death's social status; at the same time, the ceremony strengthens the social relations, till now this ceremony has not lost its respect. There have been some changes on the ceremony traditions and new traditions have been added as bringing women for reading holy Quraan and (mawlood) for money; according to that Erbil is a multicultural city. Exaggerations have been there because of Improvement of Erbil's economy. Salat isqat are done anymore because humans don't need this after they die. Death burial ceremony has functions like: cultural, social, regional and psychological.

**Keywords:** Dead Burial, Tradition, Death, Culture, Social Status

**Recommended citation:**
Jabbar N. W. & Salih H. Z. (2018). Dead burial ceremony: An anthropological study. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 365–385. doi: **10.21600/ ijoks.454460**

[1]PhD Student, Salahaddin University, College of Arts, Sociology Department, Erbil. E-mail: nadia.w.jabbar@gmail.com
[2]Lecturer, Koya University, Faculty of Education, Department of History, Koya. E-mail:hardizead@gmail.com

ملخص بالغة العربية

هذه دراسة انثروبولوجية تسعى لعرض العادات و تقاليد مراسم الدفن في مدينة اربيل. اهداف هذا البحث : محاولة تحديد دلالات و طقوس الجنائز حسب العادات و تقاليد سكان مدينة اربيل، وذا لک لکي نعرف و يتبين لنا الى اي مدى اثرت هذه التقاليد على مسيرة تصرف الانس و الافراد المقيمين في مدينة اربيل. ايضا تحديد التغيرات التي طرات عليها؛ ظهور اساليب جديدة وعادات جديدة متعلقة بالجنائزو من ثم عرض الوظائف التي تقوم بها هذه المراسم . المنهج المستخدم في الدراسة هما(المنهج إثنوغرافي و المنهج المقارن) واستخدمة العينة القصدية فيها من نوع (عينة الحالات الغنية). وحدة العينه مكون من (٨)فردا من مدينة اربيل . اساليب جمع البيانات المستخدمة هي : (المقابلة، الملاحظة والملاحظة بالمشاركة).

توصل هذا البحث الى عدة نتائج منها: ان هذه المراسم حافظت على تقاليد دفن اليت. هذه المراسم تضهر المكانة الاجتماعية للمتوفي، و في نفس الوقت تقوي العلاقات الجتماعية و تعززها بين الافراد . حتى الان حافظت هذه المراسم على تقديرها و رصانتها بالرغم من ان بعض عاداتها تغيرت و ظهرت تقاليد جديد ة مثل: احضار قارئات القران و قراءة المولد مقابل اجر معين. بقيت تقاليد هذه المراسم على حالها لدى الطبقة الفقيرة و المتوسطة و لكن يبالغ الطبقة الغنية في التكاليف المادية. مايتعلق بصلات الاسقاط، فلان لا يتم اقامة و اداء هذه العادة بشكل كبير و ذلک بسبب ارتفاع مستوى الوعي الديني، فاصبح الناس يدركون ان الميت لا يحتاج اليها. كما ان هذه المراسم لها وظائف (ثقافية، الاجتماعية، دينية و نفسية).

مەراسیمی مردوو ناشتن-توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر

م. ی. نادیە ولی جبار[3]

م. هەردی زیاد صالح[4]

پوختە

ئەمە توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، هەوڵدەدات دەربارەی داب و نەریتی مەراسیمی مردوو ناشتن لەشاری هەولێر بخاتەڕوو. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنیی ئاماژەکانی مەراسیمی مردووناشتن بەپێی دابونەریت و کولتووری شاری هەولێر؛ تاکو بزانیین ئەم دابونەریتە تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕێرەوی هەڵسوکەوتی خەڵک و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم مەڕاسیمەدا هاتووە و دیاریکردنی گۆڕ انکارییەکان لەتەک ئەمەشدا؛ خستنەرووی وەزیفەکانی ئەم مەراسیمە . میتۆدی بەکارهاتوو بریتیین لە هەردووو میتودیی :(ئیتنۆگرافیا و بەراوردکاری ). سەبارەت بە نموونەی توێژینەوە، ئەوا بریتییە لە نمونەی مەبەستدار لە جۆری نموونەی (حاڵەتە دەوڵەمەندەکان) کە نموونەکەی(٨) کەسییە. ئامرازی بەکارهاتووبۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتیین لە: چاوپێکەوتن و تێبینی بەبەشداری.

---

[3] قوتابی دکتۆرا نادیە ولی جبار، مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

[4] مامۆستا هەردی زیاد صالح، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی مێژوو، پسپۆری کۆمەڵناسی، کۆیە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەیە : ئەم مەراسیمە لەشێوازی بەخاکسپاردنی مردووەکان؛ پارێزگارییان کردووە لەم نەریتە.ئەم مەراسیمە پێگەی کۆمەڵایەتی مردووەکە دەردەخات؛ لە هەمانکاتدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان بەهێز دەکات تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە ڕێز و سەنگی خۆی لەدەست نەداوە. گۆڕانکاری لەهەندێک نەریتەکان و هاتنەناوەوەی نەریتی نوێ وەکو هێنانی مەلاژن بۆ قورئان خوێندن و مەولوود خوێندن بە پارە؛ ئەمەش بەوپێیەی شاری هەولێر فرەکولتوورە و کاریگەرییان هەبووە بەسەرییەوە. باشبوونی باری ئابووری خەڵکی شاری هەولێر؛ وایکردووە ه ەندێک زیدەڕۆیی لەم مەراسیمانەدا بکرێت. شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە تاکو ئێستا هەروەکو خۆیەتی؛ لەلای هەژار و چینی ناوەند، بەڵام لەلای چینی باڵا لەلایەنی خەرجییەوە هەندێ زیادەڕۆیی تیادا دەکرێت. ئێستا بەزۆری سەلات ئیسقات ناکەن، چونکە خەڵکی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ئایینیانەوە تێگەیشتون کە مرۆڤەکان دوای مردن

پێویستیان بەم کارە نییە . هەروەها مەراسیمی مردوو ناشتن ئەم وەزیفانەی هەیە کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئایینی و دەروونی.

کلیلەکانی توێژینەوە: مردن، مردووناشتن، نەریت، کولتوور، پێگەی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

پرسە هەر وەکو نەریتێکی کۆنی کۆمەڵایەتی، مێژوویەکی کۆنی (دوورو درێژی ) هەیە، هەروەکو کولتوورەکانی تر چەندیین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەهەمانکاتیشدا فرەکولتووریش ڕۆڵی سەرەکی ه ەبووە لەم گۆڕانکارییەدا. بەردەوام بوونی ئەم دابونەریتە تەقلیدییە دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی تاکەکان بۆ مردووەکانیان.

بەمپێەش کولتوور هەموو ئەو شتە ماددی و مەعنەویانەیە، کە لە دێر زەمانەوە بۆ ئەم تقوسە بەڕێوە دەچێت و پەیڕەو نەکردنیشی دەرچوونە لەم تقوسە کۆمەڵایەتییە و، بەشتێکی عەیبە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

هەروەها ئەو گۆڕانکارییە یەک لە دوای یەکەی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا دێت؛ ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری و سەرهەڵدانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی تقلیدی نوێی تایبەت بە دیاردەی مردووناشتن . هەرلەدێر زەمانەوە هەموو ئاینەکان ڕێزیان لە مرووەکانیان گرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیا ن بۆ مردووەکە، لێرەدا باس لە ڕێورەسمی ناشتنی مردوو دەکەین لە ئایینی ئیسلامدا؛ ئەمەش وەکو دابونەریت و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی زەرورو پێویستییە، لە هەمانکاتدا پەیرەونەکردنی و دەرچوونە لەم دابونەریت و بە ڕەفاترێکی نەشیاو دادەنرێت، بەمپێەش شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەڕاسیمە مێژوویەکی دوورو درێژی بەسەردا تێپەڕیوە بووە بە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگاکان، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەڕاسیمە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازی هەیە.

کۆمەڵگای کوردیش هەروەکو کۆمەڵگاکانی تر دابونەریت و یاسای تایبەت بەم مەڕاسیمەی هەیە، کە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لەهەندێ ووردەکاریدا جیاوازیان هەیە . بە تایبەت لەڕۆژگاری وەک ئەمڕۆدا فرەکولتوور زاڵە بەسەر کۆمەڵگاکەدا . ئەم مەڕاسیمەش پەیوەندی هەیە بە سیستمی کۆمەڵایەتی لەلایەک و بە سیستمی کولتووری لەلایەکی دیکەوە. کەواتە پێکهاتەیەکی کوولتوورییە و وەزیفەیەکی کولتووریش لە کۆمەڵگەدا بەجێدەگەیەنێت . بەوپێیەی کۆمەڵگای کوردی زۆرینەی لەسەر ئایینی ئیسلامن بۆیە جەخت دەکەینەوە سەر مەراسیمی تازیە و مردوو ناشتن لەلای مسوڵمانان.

**تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە بەمشێوەیەن:**

**یەکەم: بابەتی توێژینەوە**

لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە مردووناشتن بکەین وەک دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی؛ دەبینین ئەم نەریتە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت.

ئەگەر مردن ئەو تاکە ڕاستیە بێت کە لەکۆنەوە تا ئێستا مرۆڤەکان بیروڕای جیاوازیان نەبووە دەربارەی، ئەوا؛ ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: نهێنی مردن چییە؟ ئایە کۆتایی مرۆڤە؟ کاتێک دەڵێن کۆتایی ؛ ئەمە مانای فەنابوونی تەواوەتی دێت؟ یان مردن کۆتاییە، بەتێگەیشتنێکی دیکە ؛ مەبەستمان کۆتایی مرۆڤە لە جیهانی زەوی و لە دایکبوونەوەیەتی لە جیهانێکی دیکەدا، مەبەستمان کۆتایی و لەناوچونی جەستە و مانەوەی ئەو ڕۆحەیە کە لە گەشتەکەی بەناو جیهانی دیکەدا بەردەوام دەب یت (ئەحمەد، ٢٠١٤:١٩). ئەنجامدانی هەر هەنگاوێک لەم مەراسیمە ئاماژەیەکە بۆ گوزارشتی خاوەن مردوو بەرامبەر بەلەدەستدانی کەسێکی نزیکیان، هەروەها کاتێ دەڵێین : ئەنجامدانی ئەم ڕێورەسمە فەرزە؛ ئەویش نیشاندانی ڕێز و گەورەیی مرۆڤەکانە لای خوا . هەروەها دانانی پرسە و قور ئان خوێندن و مەولوودکردن... تا نەشکاندنی پرسە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەر هەموویان ئاماژەن بۆ پێگە و خۆشەویستی مردووەکە لای خانەوادەکەی.

ئاشکرایە توێژینەوە دەربارەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە ؛ ڕێورەسمی مردووناشتن ،لە یەک کاتدا، بە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینیش دادەنرێت. پرسی توێژنەوەکەمان ئەوەیە : ئایا مردوو ناشتن وەزیفەیەکی ئایینیە یاخود کۆمەڵایەتییە؟ چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئەوگۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێت چ کاریگەریی هەبووە لەسەر گۆڕانی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە؟ شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمی مردووناشتن لەکۆن و ئێستا جیاوازی هەیە؟

بۆچی دەبێ گرنگی بە ناشتنی مردووەکان ب درێت؟ بەڕێوەچوونی م ەراسیمی بەخاکسپاردنی مردوو چ ئاماژەیەک دەگەیەنێت؟ بۆچی ڕێز لە مردووەکان دەگیرێت؟ هەم لەلایەن خاوەن مردووەکە و هەمیش لەلایەن خەڵکەوە؟

دووەم: گرنگی توێژینەوە

**دەتوانین بڵێین گرنگی ئە م توێژینەوەیە لەوە دایە، کە** لەبەر ڕۆشنایی ئە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێت، تا چەند کۆمەڵگا دەتوانێت پارێزگاری لە تایبەتمەندیەکانی کولتوور بکات بەرامبەر بەو گۆڕانکارییە خێرایانە. واتە؛ گرنگییەکەی لەوەدایە باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر مەراسیمی مردوو ناشتن لە شاری هەولێردا هاتوون.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەم دوو ئامانجە بگات:

١- هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنیی ئاماژەکانی مەراسیمی مردووناشتن بەپێی دابوونەریت و کولتووری شاری هەولێر.

٢- تاکو بزانیین ئەم دابونەریتە تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕێڕەوی هەڵسوکەوتی خەڵک.

٣_ دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم مەڕاسیمەدا هاتووە و دیاریکردنی گۆڕانکارییەکان.

**چوارەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە**

١: مردن:

واتە مردن هەم دیاردەیەکی بایۆلۆژییە و هەمیش دیاردەیەکی ئیسکاتۆلۆژی (Escathologie)، ئەمەی دوایی واتە تەواوی ئەو شتانەی دەورەی مردنیان داوە لە مەراسیمی بەخاکسپاردن و هێمای ئایینیی (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٢٠). بە مردن ژیانی دنیایی کۆتایی دێت و ژیانی کۆتایی دەست پێدەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە مردن لە ژیان و لە دوای ئەم ژیانە بوونیان نییە، بەڵکو هەرچی هەیە بریتییە لە گوزەرکردن لە ژیانێکی سنووردار بە کات بۆ ژیانێکی بێ کۆتایی و بێ بوونی سنورێک و کاتێکی دیاریکراو (الوائلي، ١٩٨٢: ٩٨)، مردن بەدیوێکی تر دا بریتییە لە (ماڵئاواییکردن لە ژیان). مردن؛ ئەو نهێنییەی مێژوو بووە کە هەنوکەش بێ وەڵام و بێ چارەسەرە "بەڕادەیەک هەموو مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و تاکێک لە مێژوودا نەبووە ئەو دیاردەیە نەی هەژێنێت و لەگەڵ خۆی نەبیات"(ئەنوەر، ٢٠١٠ :٢٤). واتە؛ مردن دیاردەیەکی سروشتییە و جیابوونەوەی ڕۆحە لە جەستە، دواتر جەستە بەرەو لەناوچوون دەچێت؛ دەتوانین بڵێین کۆتایی هاتنی ژیانی دنیایە.

٢: مردوو ناشتن : مردووناشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، واتا؛ دوای مردن، بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگاکە خاوەن مردوو هەڵدەستێت بەئەنجامدانی چەند هەنگاوێک وەک :(ئامادەکردنی مردوو، شوشتنی مردوو، کفنکردنی مردوو، نوێژی جەنازەکردن لەسەر مردوو، بەخاکسپاردنی مردوو) بۆ ناشتنی مردووەکە.

٣- نەریت: (Tradition)

هەموو کۆمەڵگاکان بەئاراستەی ئەو نموونە مێژووییە کۆنە دەڕۆن کە حەز دەکەن پشتی پێببەستن لەژیانی هەنوکەییاندا. کاتێ ئەم نموونانەی ڕابردوو دەگوازینەوە هەروەها ڕێبازی باوباپیران لەژیانی ڕۆژانە و کردەییدا پەیڕەو دەکەین؛ ئەوا ئێمە نەریتییانە مامەڵە دەکەین، واتا؛ چاو لە نموونە نەگۆڕەکانی پێش خۆمان دەکەین کە باو و باپیرانمان دایان هێناوە و بەکاریانهێناوە (العقبة و الاصفر، ٢٠٠٧: ٢٥٥)، ئەمە رەفتار و شێوازێکی هەڵسوکەوتە کە کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان پێیان شتێکی ڕاستە یان شتێکی باشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ کولتووردا وێکچووە(الحسن، ١٩٩٩: ٤٠٤). یان دەکرێت تەماشای نەریت و توخمێکی مەعنەوی سەرەکی کولتوورەکە لەپانتایی کۆمەڵایەتیدا، شێوەی نیمچە یاسایەکی وەرگرتووە، دابونەریت دیوی دووەمی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئایینی و پەیڕەوی سیحر و ئەفسانە و زانیاریی گشتیی، کە لەسایەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکانەوە ، توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی بەدییان دەکات.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناچێتە ژێر باڵی لۆژیکەوە؛ هەروەها ملکەچی بەهانەی ئەقلانیەت نابێت، بەڵکو تەنیا زانراوێکی وەرگیراوە لەشێوەی پیرۆزیشدایە، ئەگەر کۆمەڵگا بچوک و لەناویەکدا بێت، ئەوا؛ دابونەریت باڵادەست دەبێت وەکو ئامرازێک بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری تاک (سلیم، ١٩٨١، ٩٨٣). واتە؛ دابونەریت بریتییە لەو رەفتار و هەڵسوکەوت و ڕێبازی باووباپیرانی پێشخۆمان لە ژیانی ڕۆژانە و کردەییدا خۆماناندا لەلایەن کۆمەڵ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەوی دەکەن و پێیان شتێکی ڕاست و باشە.

شەشەم: توێژینەوەکانی پێشوو

مانا کۆمەڵایەتییەکانی نەریتی پەیوەست بە دیاردەی مردن: **(العقبة و الاصفر ، ٢٠٠٧)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی دابونەریتی تایبەت بە دیاردەی مردن لەمیانەی ئەوگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی شاری (بانیس )، ئەمەش بەبەراوردکردنی دابونەریت دانیشتوی لادێی

بەدانیشتوانی شار.

ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی دابونەریت پشت دەبەستێ بە دووگریمانەی سەرەکی، شرۆڤەکردنی یەکەم گۆڕانی دابونەریتی پەیوەست بە دیاردەی مردن لەمیا نەی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کەنار اوەکانی سوریا بەخۆوە دەبینێ، گریمانەی دووەم شرۆڤەکردنی دابونەریت لە میانەی تایبەتمەندییەکانی تاک و سیفەتی چۆنایەتی وەکو(تەمەن، خوێندەواری، هۆشیاری کۆمەڵایەتی....).

هەروەها ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێ بە میتۆدی شیکرد نەوەی وەسفی و، میتۆدی ژینگەیی (ئیکۆلۆژی)، میتۆدی بەراوردکاری، نموونەی وەرگیراو پێکهاتووە لە بەتەمەنەکان و گەنج وەرگیراون ، بەتەمەنەکان تاکو بزانن تاچەند پەیرەویان لە دابونەریتی کۆمەڵگاکەیان کردووە تاکو ئێستاکە و، جیاوزی لەگەڵ ڕابردوو چییە . ئامرازی بەکارهاتوو تێبینی بەبەشداری، چاوپێکەوتنی کراوەیە.

لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتوتە ئەوەی وەزیفەی کۆمەڵایەتی بۆ دابونەریت پەیوەست بەدیاردەی مردن گۆڕانکاری بەسەردا دێت؛ ئەمەش لەگەڵ ئەو گۆڕانە گشتییەی کە سوریا بەخۆوەی بینیوە، هەروەها تایبەتمەنییەکانی تاک و سیمای چۆنایەتی کاریگەر دەبێ بەم دابونەریتە.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە دیاردەی مردن یەکێکە لەو میکانزیزمانەی کە کۆمەڵگا بەرهەمی دەهێنێت لە ئەنجامی ئەو ئەزموونەی، کە جیای دەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر و دەبێتە هۆی یەکگرتن و وابەستەیی و، پارێزگاری لە بوون و بەردەوام ی خۆی دەکات، ئەمەش مانای کۆمەڵایەتی و ئاماژەکان لە خۆ دەگرێت، کە گرینگیان زیاتر دەبێ بەگوێرەی درک پێکردنی تاکەکان بۆی، هۆشیارییان بۆ وەزیفەکانیان لەچوارچێوەی دیاردە و ئەو گۆڕانە فراوانەی، کە کۆمەڵگا بەخۆیەوە دەبینێ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر . ئەوانەی پەیوەستن بە بەهای کۆمەڵایەتی کە لە دابونەریتی کۆمەڵگاوە وەریان گرتووە و پابەند بوون پێوەی بەپێوەرێکی گرنگ دادەنرێت لە پێوەرەکانی ئینتما و پەیوەست بوون بەکۆمەڵگاوە.

**حەوتەم: میتۆدی توێژینەوە**

**میتۆدەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، بریتین لە:**

١- میتۆدی ئیتنۆگرافی **(Ethnography):** ئاڕاستەی ئیتنۆگرافیا و بەکارهێنانی لە توێژینەوە چۆنایەتییەکان لەگەڵ زانستی ئەنترۆپۆلۆژییا پەرەی سەند، ئیتنۆگرافیا جەخت دەکاتەوە لەسەر دراسەکردنی هەموو لایەنەکانی کولتوور (الخیاط، ٢٠١٠: ١٩٧)، یان بریتییە لە وەسفکردن و شیکردنەوە و راڤەکردنی کولتووری کۆمەڵگایەک یان کۆمەڵێک لە تاکەکان، یان سستەمێک و، جەختدەکاتەوە لەسەر کردەوەکان یان بیروباوەڕەکان (المعتقدات)، زمانەکان و، جۆری ژیانی تاکەکان یان کۆمەڵگەکانیان (قندیلجی و السامرائي، ٢٢٦:٢٠٠٩). هەروەها ئیتنۆگرافیا، واتا ؛ نووسین لەبارەی کولتوورەوە . ئیتنۆگرافیا هەڵدەستێ بە تێبینیکردن و تۆمارکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو تاکانەی کۆمەڵگا، ئەویش وەسفێکی چڕوپڕی ژیانی ڕۆژانەی ئەوتاکانەیە کە لەوشوێنە دیاریکراوەدا دەژین . کەواتە؛ ئیتنۆگرافیا وێنەیەکی ووردی ئەو مومارەسە و داب و نەریتانەی ژیانی ڕۆژانەی کولتوورێک یان ووردە کولتورێک یانیش کولتووری گروپێکی دیاریکراو دەدات بەدەستەوە(بیر و لیڤی، ٢٠١١: ٣٨٨). هەروەها ئەو زانستە لە شتگەلێکی وەکو : جلوبەرگ، چەک، ئامرازەکانی ژیان، شتومەکی پیرۆز، بیروباوەڕەکان، دابونەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە(موحسنی، ٢٠٠٧: ٥٩). لە کۆتاییدا توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکان گرنگی دەدەن بە وەسفکردنێکی وورد بۆ کۆی ووردوو درشتی ژیانی رۆژانە و ئاسایی تاکەکان(سکوت و مارشال، ٢٠١١: ٣٤٠).

٢- میتۆدی بەراوردکاری **(Comparative Method)**،میتۆدی بەراودکاری بەکەڵک دێت و جێبەجێ دەبێت لەسەرجەم زانستە کۆمەڵا یەتییەکاندا، سروشتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە دەدات بەراوردکاری تێدا بکرێت، بەڵکو بەراوردکاری بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانە دادەنرێت، کە دامەزرێنەرانی زانایانی کۆمەڵناسی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییە بەراییەکان پشتیان پێ بەستاوە لەدانانی بنەماکانی ک ۆمەڵناسی (ابراش، ٢٠٠٩: ١٧٧). هەروەها ئەم میتۆدە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەراوردکردنی لایەنە جیاواز و لێکچووەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو فاکتەرە یان بارودۆخەی بۆتە هۆی ڕوودانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە، دەکرێت بەراوردکاری لە چوارچێوەی یەک کات دابێت، یان هەڵسان بە بەراوردکردنی یەکێک لە دیاردەکان لە هەمان کۆمەڵگا و لە کاتێکی جیاوازدا بکرێت بۆ زانینی گەشەسەندن و گۆڕانکاری ئەو دیاردەیە (الزبیاري، ٢٠١١: ٧٢).

لە م توێژینەوەیە دا میتۆدی بە راوردکاری لەلایە نی مەیدانیدا بەکارهاتووە، بۆ بە راوردکردنی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی مردوو ناشتن لە ئێستا و لە ڕابردوودا. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە.

**هەشتەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە**

1: کۆمە ڵگا و نموونە ی توێژینە وە: ئە م توێژینەوەیە لە بارەی (**مەراسیمی مردوو ناشتن، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لەشاری هەولێر** )، لەم توێژینە وەیەدا نموونە ی مەبەستدار (العینة القصدیة - Non– probability) وەرگیراوە، بەڵام لە جۆری نموونەی (حاڵەتە دەوڵەمەندەکان )(عینة الحالات الغنیة- Intensity Sample “Rich Case”)، ئەم جۆرەشیان واتە ئەو تاکلەی کە زانیاری زۆریان هەیە و بابەتیانە شیکردنەوە بۆ دیاردەکان دەکەن (الخیاط، ٢٠١٠: ٢٠٩)(قندیلجی و السامرائي، ٢٠٠٩: ٢٧٣). کەواتە؛ لە کۆتاییدا ئەو تاکانەی بە نموونە وەرگیران، ژمارەیان (٨) کەس بوو، کە زۆرترین زانیارییان لەبارەی مەراسیمی مردووناشتنەوە هەیە؛ یاخود کەسانێک بوون بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥ بۆ ٢٠) ساڵ بەشێوەیەکی زۆر بەشدارییان کردووە لەم مەراسیمە و بۆخۆیان کارەکانی وەکو شوشتن و کفنکردنی مردوو، هەروەها گۆڕهەڵکەندنیان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین ووردەکاری و وەسف و تێگەیشتن بخەینەروو لەبارەی ئەو مەراسیمانە، وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی و هێما و ئاماژە جیاوازەکانی شیبکەینەوە.

**نۆیەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**

١- چاوپێکەوتن : (المقابلة- Interview)بە ڕێگایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە توێژینەوە چۆنایەتیەکان، لە ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت شارەزایی لەبارەی بیرکردنەوە و هەست و بۆچونەکانی کەسانی دیکە بزانێت، هەروەها توێژەر لەم ڕێگایە لە توانای دا هەیە کە دووبارە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بونیاد بنێتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانرێت تێبینی بکرێت(الخیاط، ٢٠١٠:٢٦٢). لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بۆ کۆکردنە وەی زانیارییە کان بە کارهێنراوە، دوای ئە وەی توێژەر پێشتر زانیاریەک لە بارەی بابەتەکەوە دەزانێت و، دەیەوێت ڕوونکردنەوە لە لێتوێژراو وەربگرێت . داوا لە وەڵامدەرەوە دەکات بەشێوەیەکی گشتی و بە ووشە و شێوازی خۆی وەڵامی بابەتەکە بداتەوە، توێژەر پرسیاری ڕوونککەرەوە دەکات لە لێتتوێژراو تاوەکو وەڵامدەرەوە بتوانێت گوتار و ڕوونکردنەوەی نوێ لە بارەی بەشێک لە بابەتەکە بخاتەڕوو و بەرهەمبهێنێ(ابراش، ٢٠٠٩: ٢٦٨).

**- تەکنیکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لەم توێژینەوەیەدا:**

1- هەر چاوپێکەوتنێک (٥٠ تا-٦٠) خولەکی خایاندووە.

2- ئەو تاکانەی بۆ چاوپێکەوتنەکە دەستنیشانکران چەند تایبەتمەندییەکیان هەبوو، لەوانە شارەزایی باشیان هەبوو، هەروەها بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵ کاریان لە بوارەکانی شوشتن و کفنکردن و گۆڕ هەڵکەندن کردبوو، واتە لەرووی زانیارییەکانی تایبەت بە مردووناشتنەوە زانیارییەکی زۆریان هەبوو.

3- چاوپێکەوتنەکان لە نێو ماڵ و شوێنی کارکردنی تاکەکانی نموونەکەدا ئەنجامدراون، بەشێوەیەکی تاکی، رووبەروووانە و بەتەنها ئەنجامدراون، بۆ ئەوەی لێتوێژەر بە دڵنیایی و بێ بوونی هیچ بەربەست و فشارێک- راستی بیروڕا، ئەزموون، بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەی بخاتەڕوو. هەروەها بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت چاودێری و تێبینییەکانی خۆی بەووردی تۆمار بکات.

4- چاوپێکەوتنەکان بە ڕیکۆردەر تۆمارکراون، کە دواتر توێژەر هەریەکەیانی بە جیا یاداشت و پاشان پاکنووس کردووە.

لە م توێژینەوەیە دا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەکارهاتووە . ئەو تاکانەی کە شارەزاییان زۆرە؛ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم نەریتە و، لێکدانەوە و دەرخستنی بەراوردێک لەنێوان مانای تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی مەراسیمی مردووناشتن لە رابردوو و ئێستادا . دوای ئەوەی فۆرمی چاوپێکەوتن ئامادەکرا؛ توێژەر بەچەند پسپۆرێکی ئەکادیمی پیشانداوە تاوەکو گەیشتووە بە شێوازی کۆتایی کە ئیتر بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان شیاوبێت . شێوازی کۆتایی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە لە (٣) تەوەر؛ کە بەسەر(٢٤) پرسیاردا دابەشکراون، پێکهاتووە . هەروەها(٨) کەس وەک نموونەیەکی مەبەستدار وەرگیراون کە کەسانی شارەزا و بە ئەزموونبوون.

٢- تێبینی بە بەشداریکردن:

زۆربەی ئاراستەکانی ئیتنۆگرافیا ناوبانگیان دەرکردووە بە بەکارهێنانی تێبینی بە بەشداریکردن (الملاحظة بالمشاركة- Participant observation) وەک بەشێک لە توێژینەوەی مەیدانی(القصاص، ٢٠١٤: ٢٣٠)، یان زانایان بە شێوازێکی سەرەکی لە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی دادەنێن(سكوت و مارشال، ٢٠١١: ٥٨). لەم جۆرەیاندا لێرەدا توێژەر رۆڵێکی ئیجابی و کاریگەر دەبینێت، بەو مانایەی توێژەر خۆی رۆڵ دەبینێت و بەشداری تاکەکانی توێژینەوەکەی دەکات (عبدات و مبيضين، ١٩٩٩: ٧٤)، هەروەها پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتیی لەگەڵ ئەو رووداوە کۆمەڵایەتییەدا بەشداری بکات و، لەگەڵی بژیەت و، ببێتە ئەندامێک لەو کۆمەڵەیەی تێبینیان دەکات(الصيرفي، ٢٠٠٨: ١٨٤). هەروەها پەیوەندیی پتەو لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دروست دەکات و بەشداری لە زۆربەی چالاکییەکانی ژیانی رۆژانەی ئەو تاکانە دەکات (فرانكفورت و- ناشمياز، ٢٠٠٤: ٢٨٠-٢٨٢). هەروەها ئەوەی گرنگە بزاندرێت کاتێک دەوترێت تێبینی بەبەشداری، ئەم بابەتە تەنها پەیوست نییە بە تێبینی بینین (الملاحظة البصرية ) بەڵکو تێبینی بیستنیش (الملاحظة السمعية) دەگرێتەوە(كوبان، ٢٠٠٧: ٥٩)، تێبینیکردن بە بەشداریکردن، ئەمەش لەرێگای ئامادەبوونی توێژەر لە مەراسیمی مردوو شوشتن و کفنکردن و گۆڕ هەڵکەندن ; لە هەمانکاتدا تێبینیکردنی شێوازی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، هەروەها سەرنجدان و تۆمارکردنی ووردەکاری، ماڵ و ئاماژەکانی مەراسیمی مردووناشتن.

دەیەم: شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوە

یەک: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە

١- خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژنەوەکە لە (٨) کەس پێکهاتووە کە زۆرترین شارەزاییان لە مەراسیمی مردووناشتن هەبووە، بەمشێوەیە(٢) کەسیان مامۆستای ئایینی بوون و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بوون لە خوێندنی ئیسلامی، هەروەها (٤)

کەس وەکو مردوو شۆر وەرگیراون، کە (٢) کەسیان لە رەگەزی نێر و (٢) کەسیشیان لە رەگەزی مێ، کە شارەزای باشیان هەیە و، بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥ بۆ ٢٠) ساڵ ئەم کارە دەکەن، هەروەها (٢) کەسیش لەوانە وەرگیران کە گۆڕهەڵکەن و شارەزایی باشیان هەیە. بۆئەوەی بزانین تاکو چەندە توانیویانە پارێزگاری لە مانەوەی مراسمی مردوو ناشتن بکەن.

٢_ شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە

١- دابونەریتی مردووناشتن:

مردن واتا کۆتایی هاتن بەژیانی مرۆڤ؛ بەدیوێکی تر دەتوانین بڵێین : ماڵئاوایی لەژیانی دنیا و سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی دیکە دوای مردن؛ بەشێوازێکی تر گواستنەوەیە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر. دابونەریتی مردوو ناشتن لا یەنی ئاینییەکەی ئەوەیە ڕێز و گەورەیی مرۆڤە لەلای خوای گەورە؛ بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتییەکەی رێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری، لە هەمانکاتدا پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو تاکەیە لەناو خەڵکیدا.

دابونەریتی مردووناشتن؛ هەم ئایینیە و هەم کۆمەڵایەتییە کە زۆر زەحمەتە جیاوازی بکەی لەنێوانیاندا، واتا؛ هەندێک لە دابونەریتەکان ئایینین بۆ دیاریکردنی پێگەی مردووەکە و خانەوادەکەی، لە هەمانکاتدا پێگەی کۆمەڵایەتییان لەناو خەڵکیدا دیاردەکات، ئەمەش کۆبوونەوەیان لەکاتی وەفاتکەدایەکێکە لە ئاماژەکان، هەروەها ژمارەی ئەوانەی ئامادە دەبن لەمەراسیمی نوێژکردن لەسەر مردووەکە و بەخاکسپاردنی.

لە هەمانکاتدا هەواڵی مردنەکە بڵاو دەکرێتەوە بۆ کۆکردنەوەی خزم و کەس و کارەکان؛ بەوپێیەی ئێستا تەلەفۆن و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە زووتر دەتوانن هەواڵەکە بڵاوبکەنەوە؛ ئەم کۆبونەوەیەش خۆی لەخ ۆیدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە و پەیوەندییەکان لە نێوان تاکەکان بەهێز دەکات؛ هەرچەندە ئێستا ئەم پەیوەندییە کاڵبوونەوەی بەخۆوە بینیوە؛ بەڵام لە هەندێک کات و ساتدا واپێویست دەکات، کە ئامادەبن ئەمەش بەواجبێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و؛ ئەگەر ئامادەنەبن ئەوا بەعەیبە بۆیان هەژمار دەکرێت؛ لەلایەکی ترەوە کاتێ هەواڵی وەفاتکردنی یەکێک ڕادەگەیەنرێت، تەنها دەوترێت فلانە کەس ئەمری خوای کردووە، بەبێ ئەوەی بانگێشت بکرێت؛ لەلایەکی ترەوە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ ناکرێت و؛ چونکە هەواڵێکی لەناکاوە.

هەر لەو کاتەی کەسێک دەمرێت، ن زاوپاڕانەوە بۆ مردووەکە دەست پێدەکات، بەڵام جاری وایە خزم و دۆستی ئەو کەسانەی کە وەفاتی کردووە، هاوار و شین دەگێڕن، کە ئەمە دروست نییە؛ هەروەها لەپێشان دەبوو شیوەن و گریانێکی زۆر دەستی پێیکردایە؛ چونکە ئەگەر وا نەبوایە ئەوا خەڵکی لۆمەیان دەکردوو دەیانگوت، ئەوانە ئەو کەسە نازدارانەیان لەدەستداوە و بۆی ناگرێین یاخود دەیانگوت شینی بۆ ناکەن، بەڵام ئێستا وانییە زۆر بەکەمی شیوەن گێران ماوە، بەڵام لەلای هەندێک بنەماڵە تائێستاش ماوە، بەڵام گریان ئاساییە و هیچ قسەیەکی لەسەر نییە . ئەو گریانە درووستە کە لە دڵەوە دەردەچێ و لەسەرخۆیە و مرۆڤ نەتوانێت فرمێسکەکانی رابگرێت بەڵام لە لایەنی کۆمەڵایەتییەکەییدا خەڵکی هاوار و گریان دەست پێدەکات، ئەگەر وا نەکەن ئەوا دەڵێن ئەوانە مردووەکەیان خۆشناوێت.

ئینجا؛ گریان و شینی بۆ دەکەن بەدەنگی بەرز هاوار و گریان پەیدا دەبێ، کەسوکاری م ردووەکە لە جێگای ماڵەکە دادەنیشن و ژنێکی دەنگخۆش بانگ دەکەن کە بۆ مردووەکە بلاوێنێتەوە (لاوکو و سوارۆ ) بڵێ بەمەش خەڵکەکە دەخاتە گریان. ئیتر هەرچی گەنجە دەچن گۆڕ بۆ مردووەکە هەڵدەکەن، مردووشۆرەکە ئاوگەرم دەکات و مردووەکە دەشوات و کفنی دەکات، ئەگەر ژن بێ, ئەوا؛ دەبێ تابووت نابێ و تابووتی بۆ دروست دەکات و دەیخەنە تابووتەکەوەو بە

کۆمەڵ نوێژی جەنازەی بۆ دەکەن و دەیبەنە گۆڕستان(بایەزیدی، ٢٠١٥: ٨١). بەڵام لە ئێستادا تابووت بۆ مردووی ژن دروست ناکرێت، بەڵکو بە شێوازێکی ئاسایی وەکو مردووی پیا و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

تۆما بوا؛ وای بۆ ساغ بۆتەوە کورد بەرانبەر مردن خۆڕاگرە و دەزانێ چۆن بەرەو ڕووی دەبێتەوە، ئەمەش لەلایەکەوە لە ئەنجامی نزیک بوونەوەی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیی بۆ دووپات بووەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، لە میانەی ئەم ووتانەوە کە دەڵێت: (کاتێک لەگەڵ مردن بەرەو ڕوو دەبێتەوە دەستی خۆت بووەشێنە، چونکە لەناوبەری تۆ ئەوانەی بە جێیان دێلی لەکات زیاتر نییە)، هەروەها دەڵێت: کورد مردنی نێو گۆڕەپانی شەڕی لە مردنی سەرجێگا لا باشترە، مردنیش لە پیری لا پەسەند ترە. سۆن؛ لەگەڵ هەڵوێستی کوردان بەرانبەر بەمردن، وورد بووەتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی واقیع بینانە مردن قبوڵ دەکەن، دووریش نییە لەبەر ئەوە بێ چونکە لەوە خراپتر و تاڵتریان بینیوە... واتە کوردەکان لە ژیانیاندا دوچاری گەلێک مەینەتی بوونە، ئەمەش وایلێکردوون بەشێوەیەکی ئاسایی و واقیع بینانە و بە سەرسوڕمانێکی کەمەوە پێشوازی لە ڕووداوی بە ئازار بکەن . باسیل نیکیتینیش؛ لەگەڵ ڕۆژهەڵات ناسەکانی دیدا کۆکە بەوەی کە کورد مردنی نێو گۆڕەپانی جەنگی لەمردنی سەرجێگای لا باشترە . بەگشتیش باسیل نیکیتین لەوباوەڕەدایە کوردان گرنگییەکی ئەوتۆ بەژیان نادەن(سندی، ٢٠٠٨: ٣٩_٤٠).

٢- ئامادەکردنی مردوو بۆ شوشتن:

دوای وەفاتکردنی کەسێک یەکەم هەنگاو دەبێ چاوەکانی و دەمی دابخرێت؛ یەکەم : بۆ ئەوەی کاتێ یەکێک دەمرێت چاوەکانیش بە دوایدا دەڕوات؛ دووهەم : بۆ ڕێز و گەورەیی مرۆڤەکانە، واتا؛ بۆ ئەوەی مردووەکە دیمەنێکی ترسناک و سەرنجڕاکێشی نەبێت و ببێتە قسەی سەرزاری ئامادەبووان، هەروەها داخستنی دەمی بۆ ئەوەیە هەتاکو هەوا لە زاری مردووەکە نەچێتە ژوورەوە و بئاوسێ، ئەستور بێت و دیمەنی ناشرین بێت.(بۆیە بەگەرمی دەمی قەپات بکرێت باشترە؛ چونکە دواتر ڕەق دەبێ و قەپات نابێ)؛ لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەشی دەگوترێ چاو ەکانی قەپات بکرێت و دەوی قەپات بکرێت، لەبەرئەوەی کە دەخرێتە ناو گۆڕەوە خۆڵ نەکەوێتە ناو چاو و دەمییەوە . بە قسەی ژنان دەڵێن (چاوی لە دنیایە)، ئینجا دوایی ڕەق دەبێت و قەپات نابێت، بۆیە بە گەرمی کە لەشی مرددەکە ساردنەبۆتەوە، قەپات دەکرێت.

ئەگەر مردووەکە بۆ ماوەیەک مایەوە؛ ئەوا باشتر وایە جووڵان و نەرمکردنەوەی جومگەکانی بۆ بکرێت "واتە دەست و قاچەکانی بجووڵێندرێت " بۆ ئەوەی ئەو لاشەیە لە جێگای خۆیدا ڕەق نەبێت؛ ئەمەش بۆئەوەی لە کاتی شوشتندا ئاسان بێت؛ هەروەها دواتر دەبێت جلەکانی لەبەر دابکەندرێت، بۆ ئەوەی هیچ حاڵەتێکی پیسی بە جلەکانی مردووەکەوە نەبینرێت؛ ئەمیش هەم بۆ گەورەیی و خۆشەویستی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە؛ هەم تاکو لەناو خزم و کەس و کارەکانی بەباشی باسی بکەن. هەروەها لە شوێنێکی دیاریکراوی بەرز (باشتر وایە جەستە مردووەکە لەزەوییەوە دوور بێت بۆئەوەی زوو تێک نەچێت) درێژ دەکرێت و بەپارچە قوماشێک یاخود بەتانی خاوێن دادەپۆشرێت، بەڵام ئاساییە پێش شوشتنی یان دوای شوشتن و کفنکردنی دەکرێت دەموچاوی مردووەکە واڵابکریت و سەیر بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە هەم ناسیا و خزم و دۆستان دڵنیا ببنەوە لە مردنی کەسەکە و هەمیش بۆ ئەوەیە دوا ماڵئاوایی لە مردووەکەیان بکەن، ئەم کارەش ئەنجام دەدرێت تاکو ئامادەکارییەکانی مردووەکە تەواو دەبێت.

ئەگەر مردووەکە ژن بوو، ئەوا لەسەر تەختە دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە عەردی ناتوانی بسمیلی بکەی و خاوێنی بکەیەوە، ئاوی بۆ حازر دەکرێت، دەبێ ئاوەکە وەکو ئەوەبێت کە ئینسانی زیندوو خۆی پێدەشوات "شلەتێن تەنها ئاوەکە خاوێن بێ و شلەتێن بێ". لەبەرئەوەی مردیەکە ئاگای لێیە بۆیە دەبێ دەرەجە حەرارەی ئاوەکە وەک ئەوەی بی کە ئینسانی زندی خۆی پێ دەشوا . بەڵام ئەگەر مردووەکە پیاو بوو، دەبرێتە مزگەوت، لە ئێستادا لە مزگەوتە تازەک ان،

گرنگی زۆر بە شوێنی مردوو شوشتن دەدەن، تیایدا ژوورێکی تایبەت هەیە، هەروەها (٢) شوێنی (تاتە شۆر ) مردوو شوشتن هەیە، یەکیان مردووی لەسەر دەشۆرێ و ئەوەی دیکەیان (تاتە شۆری دووەم) مردووی لەسەر کفن دەکرێت.

کاتێ کەسێک وەفاتدەکات لە ئیسلامدا واجبە بشۆرێت؛ ب ۆ ئەم کارەش کەسی پسپۆڕ هەیە دەبێ شارەزایی تەواوی هەبێت دەربارەی کارەکەی، ئەمەش بۆئەوەی بە خاوێنی بگوازێتەوە بۆ دنیای یەکجارەکی، بەڵام هەندێک شت هەیە سوننەتە ئەنجام بدرێت بۆ ڕێزلێنانە لە وەفاتکردووەکە لەلایەن خواوە، لە هەمانکاتدا ڕێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری، بەدیوێکی تردا هەریەکە ئامانج و مەبەستێکی لە پشتەوەیە بۆ ئەنجامدانی. ئەویش لە پیسایی خاوێن بکرێتەوە، هەروەها بە دەست پاڵەپەستۆ دەخرێتە سەر سگی بۆ ئەوەی هەرچی پاشەڕۆ هەیە لە سگیدا بێتە دەرەوە؛ ئەمەش بۆ ئەوەی کەسەکە بەجوانترین شێوە دەربکەوێت و تاکو خەڵکی بەباشی باسی بکەن . ئەو کەسانەی بەمکارە هەڵدەستن دەبێ شارەزایی تەواویان هەبێت، ئەمکارەش بەم شێوەیە دەست پێدەکات؛ سەرەتا جل و بەرگی مردووەکە دادەکەندرێت، ئینجا پارچە پەڕۆیەک دەهێنین (ئاساییە ئەو پارچە پەڕۆیە لە کفنەکەش بێت) بۆ ئەوەی عەورەتی مردووەکەی پێ داپۆشرێت، ناکرێت بەهیچ بیانوویەک سەیری عەورەتی مردووەکە بکرێت . دوایی ئامادەکردنی ئاو، بەڵام باشتروایە ئاوەکە گەرم نەبێت، بەڵکو بەلای ساردی دا بێت باشترە، بۆ ئەوەی مردووەکە بۆگەن نەکات، بەڵام ئەگەر وەرزەکە زۆر سارد بوو و بزانرێت ئەو ئاوە ساردە مردووەکە پا ک ناکاتەوە، دەکرێت ئاوەکەی بۆ گەرم بکرێت . هەر ئاوێک بێت گرنگ ئەوەیە جەنازەکە پاک بکاتەوە. باشتر وایە ئاو بگاتە هەموو لاشەی مردووەکە و هەموو لاشەی تەڕ بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو کەسە بەپاک و خاوێنی بچێتەماڵە نوێکەی، کە ئەویش گۆڕە . ئینجا دەست دەکەین بە مردوو شووشتن و، باشتر وایە بە سابوونێک بشورێت کە بۆنی خۆش بێت، ئینجا لە سەرەتادا تارەتی پێهەڵدەگیرێ (پێش و پشتەوەی دەشۆردرێ "واتە عەورەتی")، لەدواییدا زەخت لەسەر سکی دەکەیت، بۆئەوەی هەرچی پیسایی لە هەناوی (سک)ی هەیە دەربێت، هەیە تاکو دڵنیا دەبیت پاکبۆتەوە. ئینجا ئەو لیفکەیە یان پارچەپەڕۆیەی کە بەکارت هێنا یان پاکی دەکەیتەوە یان فڕێی دەدەیت . (کە لە ئێستادا لە زۆربەی جاردا فڕێ دەدرێت )، دوایی ئەگەر گونجا دەستنوێژی پێهەڵدەگری . ئینجا بە "وتر " دەست دەکەیت بە شوشتن "واتە بە تاک دەست پێ دەکەیت" (٣) دەست یان (٥) یان (٧) دەست لەسەری دەدەی، حەسەب پاکو خاوێنی مردیەکەی.

جاران تەنها بە سابون (جۆرە سابوونێک، کە پێیاندەگۆت سابوونی رەقی ) مردوو دەشۆرا، بەڵام لە ئێستادا هەر سابوونەک بێ دەبێت، تەنانەت لە ئێستادا چ پاکەرەوەیەک بەردەست بوو ئەوە بەکار دەهێنین، (سابوون یان شامبۆ ). ئەگەر سابوون بەکارهات ئەوا هورد دەکرێت لە کیسەکی دادەنرێت (بەرند و چەقۆ سابوونەکە هوورد دەکرێ )، مردوو شۆر دەست دەکات بەناو کیسە سابوونەکە و بە قلفێک لە خۆی دەی بەستی و قایمی دەکات . ئەوجا ئاوی پێدادەکرێ و کەفی دەکات، سابوونەکە وەک خۆی بەلەشی مردووەکە داناهێنرێ. شوشتنەکەش بەمشێوەیە یە: سەری دەجوڵێنی و ئاوی لە دەوی وەر دەکەیت و دەموچاوی دەشۆی، وەک ئینسانی زندی مەسحی سەر دەکەی، ئەوجا ئاوی بسمیلی پێدا دەکەی، بە پەقرەجی بی بە مەسینەی بی، زۆر عالەم حەزدەکەن و تکلیف دەکەن (٧) مەسینە ئاوی پێدا بکرێت . مهم خاوێنی بکەیتەوە لەم حالەتە مردیەکەی دادەنیشێنی هەتا ئاوەکە هەموو لایەکی بگرتەوە. دوایی دەست دەکەیت بە شۆردنی سەری بە کاملی (بە مەرجێک دەو و کەپووی دەگریت، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ناو لەشییەوە)، نەوەکو گاریگەری لەسەر جەستەی مردووەکە هەبێت و دووبارە پیسی بکاتەوە، ئینجا دەست دەکەین بە شۆردنی لای راستی مردووەکە بەلای پێشەوە و پشتەوە، ئینجا لای چەپی مردووەکە . (١ واجبە و ٣ سوننەتە). ئینجا لێرەدا ئەگەر پێشتر دەستنوێژت پێ هەڵنەگرتبوو، ئەوا دەستنوێژی پێهەڵدەگری . لای هەندێک مردووشۆری ژن، ئەوا لەکاتی شوشتنی مردوەکە، مردووشۆر سەلاوات لێدەدات، کۆمەڵە دوعا دەکات وەکو: (خوایە لێی خۆشبە...).

لە کۆتاییدا دەتوانرێت کەسە نزیکەکانیان بەم کارە هەستێت مەبەست لە نزیکترین کەسیش لە مردووەکە بریتییە لە "باوک، برا، کوڕ، ژن . ئەگەر ئافرەت بوو دایک، خوشک، کچ، مێرد " هەروەها دەکرێت پیاو خێزانەکەی خۆی بشوات و بەپێچەوانەشەوە خێزان دەتوانێت پیاوەکەی بشوات.

هەندێ کات مردوو ناشورێت و کفن ناکرێت؛ کاتێ شەهید دەبێت و لە مەیدانی جەنگدا؛ هەر بەجل و بەرگی خۆیەوە دەنێژرێت (سابق، ٢٠٠٧: ٢٩_٣٠)، هەروەها کاتێک مردووەکە بەڕوداوێک دەمرێت کە جەستەی شێواوە یاخود جەنازەکە پارچەپارچە بووە ناتوانن بیشۆن . لەم کاتانەدا دەتوانن ئەم کارانەی بۆ نەکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک و بەهیچ بیانوویەک نابێت عەورەتی "پێشی و پشتی" ئەو جەنازەیە دیار بکرێت، هەروەها پێویستە جەنازەکە نێوان "چۆکی و ناوکی" داپۆشرابێت. تەنانەت ئەو کەسەی کە دەیشوات شتێک لە دەستی خۆی دەکات "ئینجا کەفە بێت یان پەنجەوانە، یان پارچە پەڕۆیەک" بۆ ئەوەی دەستی بەر عەورەتی نەکەوێت، هەروەها هەرشتێک لەو جەنازەیە ببینێت، ئەگەر خێر بوو دەکرێت بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی خراپ یان نادرووستی بینی "وەکو رەشبوونی ...تاد" پێویست ناکات لە دواییدا باسی بکات و بیگێڕێتەوە. ئەوکەسەی بەمکارە هەڵدەستێت دەبێت چەند مەرجێکی تیادا بێت، ئەوانیش بریتین لە : مرۆڤێکی باش و ناسراو بێت لەناو کۆمەڵگادا؛ شێوازی مردوو شوشتن بزانێت؛ کەسێک بێت عەیبداپۆشەر بێت و کەسوکاری مردووەکە متمانەی پێ بکەن .. بۆ ئەمکارەش ئەگەر برە پارەیەک بەرامبەر بەشۆردنی مردووەکە وەربگیرێت ئاساییە، بەڵام نابێت هەڵپەرستیی تێدا بکرێت، هەروەها ئەگەر خۆبەخشانە بیکات (دەگوترێت ) خێر و پاداشتی زیاتر دەگاتێ و لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوەش ڕێز و سەنگی بۆ دادەنرێت لەبەرامبەر ئەنجامدانی ئەم کارەی کە دەیکات.

پرۆسەی شوشتن و کفنکردن دەبێ لەیەک شوێندا بکرێت . جاچی لەماڵی خاوەن مردووەکە بێت یاخود لەمزگەوت بێت؛ بەپێی بوونی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ئەم کارە . لە هەمانکاتدا بەپێی ڕای بنەماڵەکەش دەگۆڕێت کە دەیانەوێت لەکوێدا ئەم کارە بۆ مردووەکەیان ئەنجام بدرێت.

٣- پرۆسەی کفنکردن:

کفنکردن بەفەرز دادەنرێت لە ئیسلامدا؛ ئەمەش بۆ داپۆشینی وەفات کردووەکەیە و خەڵکی بەشێوازیکی ناشایستە نەیبینن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی مرۆڤەکان لەلای خوا، هەروەها ڕێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتری کاتێ بەم کارە هەڵدەستن.

قوماشی کفنەکە؛ دەکرێت مرۆڤ لە جلوبەرگی خۆی کفن بکرێت، ئاساییە هەر جۆرە قوماشێک بێت، هەر جۆرە رەنگێک بێت ئاساییە، بەڵام ئەوەی لە فەرموودەدا هاتووە سوننەتە لە قوماشی رەنگ سپی بێت . یاخود دەکرێت یەکێک لەو پارچە قوماشانەی کە مردووەکەی پێ کفن دەکرێت خەت خەت بێت یان رەنگاو رەنگ بێت . هەندێ جار کەسەکان بەر لە مردنیان کفن بۆخۆیان دەکڕن و لەماڵەوەی دادەنێن و وەسیەت دەکەن دوای مردنیان ئەوەی بۆ بکەن بەکفن . کفن لە (١٢ - ١٥) مەتر پێک دێت؛ بەڵام هەندێ کەس هەیە هەژارن؛ لەدوای مردنیان کەسێک ئەم ئامادەکارییانەیان بۆ دەکەن، کاتی واش هەیە کاتەکە ناوەختە و بازاڕ نییە بۆ کڕینی کفن؛ بەڵام دەبینین لە مزگەوتەکان بەزۆری خەڵکی کفن بۆ خێری خۆیان دادەنێن، جا هەندێ بنەماڵە هەیە لەدوای تەواو بوونی مەراسیمەکە دەچن کفن دەکڕن و لە شوێنی کفنەکەی بەکاریان هێناوە دایدەنێنەوە.

شێوازی کفنکردنەکە بۆ پیاو لە (٣) پارچە قوماش پێکدێت، واتە پارچە کفنەکان لەسەر یەکتری دادەنرێن لەسەر ئەو (تاتەیەی) کە مردووەکەی لەسەر کفن دەکرێت. لەسەرەتادا لای چەپ بەسەر مردووەکەدا دەدرێت، پاشان لای

راستی پارچەی یەکەم، لە دواییدا لای سەر و لای قاچەکانی هەرپارچەیەک لوول دەدەرێت بۆ ژێر سەر یان بۆ ژێر قاچەکانی مردووەکە، نابێت بە هیچ شێوەیەک مردووەکە هەرگێر و وەرگێری پێبکرێت . ئینجا پارچەکانی دیکەش بەو شێوەیە، تا لە کۆتاییدا پارچەی لای ڕاست دەکەوێتە سەر پارچەی لای چەپ . بۆ پیاو دەکرێت (٢) پارچەی دیکە زیاد بکرێت، یەکیان پێی دەوترێت (عمامة) لەسەری دەبەسترێت، پارچەکی دیکەشیان وەکو کراس لەبەری دەکرێت "واتە پارچە کفنەکە دوو قەد دەکرێت و لە ناوەڕاستیدا کونێکی لێدەکرێت و لەبەری مردووەکە دەکرێت، تا لای ئەژنۆکانی دادەپۆشێت". بەڵام بۆ ئافرەتان دوو شێوازی هەیە لە (٣) پارچە و (٥) پارچە قوماش پێکدێت، چاکتروایە (٥) پارچە بێت، کە (٣) پارچە قوماشیان ڕادەخرێت و دووانەکەی دیکە یەکیان بۆی دەکرێتە کراس و ئەوەی دیکەیان بۆی دەکرێتە چەفیە و سەر و سنگیشی پێدادەپۆشرێت . ئینجا لای سەر و لای قاچەکانی دەبەسترێ، هەندێکجار لای ناوقەدی (لای ناوک )ی دەبەسترێت، جارجارەش لا ی چۆکەکانی دەبەسترێت بۆ ئەوەی جوڵە نەکات و کفنەکەی شل نەبێتەوە و بە توندووتۆڵی بمێنێتەوە . لەدواییدا عەتر و گوڵاو لە مردووەکە دەدرێت، ئەگەر عەتری زەعفەران (سونەتە) هەبوو لە لاشەی مردووەکە دەدرێت. هەنووکە هەر بۆنێک هەبێت بەکاردەهێندرێت، بۆ ئەوەی مردووەکە بۆنی ناخۆشی لێنەیەت تا بەخاک دەسپێردرێت.

لای مردووشۆری ژن، چاو و دەستەکانی مردوو دەبەستن، واتە؛ دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ دادەنرێت وەکو نوێژکردن و بەپارچە پەڕۆیەک دەبەسترێت بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵگرتن نەکرێتەوە و بەئاسانی بتوانرێت هەڵبگیرێت. کفن دەبێ دوو پارچە بێ؛ یەکیان بۆی دەکرێتە کراس کەپێی دەوترێت (کراسی قیامەت )، ئەوی تریان دواتر پێی دەبەسترێت تاکو بەباشی بپێچرێت و عەورەتی دیار نەبێت.

لێرەدا دەبینین پارچەکانی کفنی مردوێک کە ئافرەتە زیاترە لە پارچەکەنی کفنی مردوێک کە پیاوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ڕێزلێنان و گەرەیی پێگەی ئافرەت لەلایەن خواوە، هەروەها جێبەجێکردنی لەلایەن کەسەکانیەوە بۆ گەورەیی پێگەی مردووەکەیە لەلایەن؛ تاکو عەورەتی بەدیار نەکەوێت بۆیە پارچەیەکی لەشێوەی کراس بەبەریدا دەکرێت. سەبارەت بە جۆری ئەو قوماشەی کفنی لێ دروست دەکرێت؛ ئێستا دوو نەوعە خا م هەیە، هەیە دوورینی ناوێ (کە بەری پانە) هەیە دەبێ بیدووری لەبەرئەوەی بەری تەسکە، لەبەرئەوەی مردووەکە دووجار بەو خامە دەپێچرێ، بۆیە دەبێ بەرەکەی پان بێ.

لێرەشدا دەبێ کەسی شارەزا بەم کارە هەستێت، چونکە هەموو کەسێک ئەم کارە نازانێت؛ یاخود هەر خۆیان لە قەرەی ئەم کارەنادەن. دوای تەواوکردنی کفنکردنەکە کەسوکارە نزیکەکانی مردووەکە دەتوانن بۆ دواجار سەیری مردووەکە بکەن و ماڵئاوایی لێبکەن، ئەمەش دەبێت تەنها دەمووچاوی مردووەکە بکرێتەوە، ئینجا؛ کەسە نزیکەکانی یەکە یەکە سەیری دەکەن و ماچی دەکەن؛ ئەمەش دوایین ماڵئاو ایی کردنە لەمردووەکە . لێرەدا وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم مەراسیمە دەست پێدەکات؛ واتە هەوڵدەدرێت هەندێک بردنی مردووەکە بۆ گۆڕستان دوابخرێت بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێکی نزیکی نەهاتبوو ماڵئاوایی بکات، چاوەڕوانی بن تاوەکو دەگاتە سەر مردووەکە . لە هەمانکاتدا هەموو خزم و کەسوکارەکان کۆدەبنەوە، هەندێجار لەنێوان ئەندامانی ئەو خێزانەی خاوەن مردووە، ناخۆشی ڕوویداوە؛ ئیتر بەهۆی ئەم کۆبوونەوەیە ئاشت دەبنەوە و بە هەموویان هەوڵدەدەن کارەکان بەزوترین کات بەڕێوە ببەن؛ ئەمەش پێویستی بەهاریکاری و هەماهەنگی هەیە لەنێوانیاندا. دواتر خۆیان ئامادە دەکەن و بەرەو مزگەوت بەڕێدەکەون (ئەگەر جەنازەکە لەماڵەوە شورا و کفنکرا بوو).

٥- نوێژکردن لەسەر مردوو:

نوێژکردن لەسەر مردوو؛ فەرزە لەهەموو مەزهەبەکانی ئیسلامدا، سەبارەت بە پیاو و ئافرەت هیچ جیاوازییەک نییە، هەروەها مەرج نییە لە مزگەوت نوێژ لەسەر مردوو بکرێت، دەشێ تاوەکو جەنازەکە دەبرێتە گۆڕستان، ئاساییە کە نوێژی لەسەر بکرێت یان پاش ئەوەی کە مردووەکە شاردراوە دەکرێت نوێژی لەسەر بکرێت. بەڵام باشتر وایە بەر لە شاردنەوە نوێژی لەسەر بکرێت، بەمەرجێک دوای شوشتنی بێت.

لە هەمانکاتدا ئاساییە لەکاتی نوێژکردن لەسەر مردوو پیاوەکان لە ریزەکانی پێشەوە بوەستن و ئافرەتەکانیش لە دواوەیان بوەستن و نوێژەکە بکەن. ئینجا ئەم نوێژکردنە لەماڵەوە بێت یاخود لە مزگەوت یا لە هەرشوێنێکی دیاریکراو بێت دەکرێت نوێژ لەسەر مردوو بکرێت. دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان شەهید و کەسی ئاسایی ئەوەیە، کە ئەو کەسەی شەهید دەبێت بەمەرجێک لە جەنگدا شەهید بوبێت، ئەوا نوێژی لەسەر ناکرێت.

لەشاری هەولێر ژنان لەگەڵ جەنازەکە ناچن بۆ ناو مزگەوت تاکو نوێژی لەسەر بکەن؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژنان سۆز و عاتیفەیان زیاترە و نەبۆتە نەریتێکیش کە بەم کارە هەڵسن.

نوێژی مردوو جیاوازی هەیە لەگەڵ نوێژی ئاسایی؛ بۆ ئەنجامدانی ئەم نوێژە دەبێ نوێژخوێنان هەر بەپێوە بن. لەم نوێژەدا جەنازەکە دەبێ لەسەر پشت درێژ بکرێت؛ ئەوانەی نوێژ دەکەن لەدوای جەنازەکەوە دەوەستن ڕوو لە قیبلە دەبن، یەکێک پێشنوێژی دەکات و نیەت دە هێنێ، نوێژەکەش چوار تەکبیرە (الله اكبر) بەمشێوەیەیە، (الله اكبر) دەکرێت، لە دواییدا سورەتی (فاتیحە) دەخوێنرێت، ئینجا (الله اكبر)ی دووەم سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (سەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت) دەدرێت، لەپاش (الله اكبر)ی سێیەم، پێش نوێژ و نوێژخوێنان بۆ مردووەکە نزا دەکەن، لە چوارەم (الله اكبر)دا دەبێت پێش نوێژەکە کەمێک بێدەنگ بێت، پاشان سەلام بداتەوە بەلای راستدا(صابر، ٢٠١٣: ٣٨- ٣٩).

خاوەن مردوو هەمیشە پێیان خۆشە زۆرترین کەس لە نوێژی مردووەکەیاندا ئامادە بن و نوێژی لەسەر بکەن، بۆیە لای هەندێک بنەماڵە جەنازەکە دوادەخرێت بەو هیوایەی خەڵکێکی زۆرتر کۆببنەوە و نوێژی لەسەر بکەن . پاش نوێژکردن لای هەندێک بنەماڵە جەنازەکە دەهێنرێتە ماڵەوە (ئەمەش بۆ ئەوەیە دوا ماڵئاوایی لە مردووەکەیان بکەن و بۆ دوایین جار کەسە نزیکەکانی سەلامی لێ بکەن). لای هەندێکی دیکەش؛ جەنازەکە ناهێنرێتە ماڵەوە، بەڵکو راستەوخۆ بۆ گۆڕستان دەبرێت، کەچی لای هەندێکی دیکە لە ماڵەوە؛ کاتێک جەنازەکە لە مزگەوت هێنرایەوە ماڵەوە، لەلای هەندێک خێزان جەنازەکە بەناو هەموو ژوورەکاندا دەگێڕن، دواتر یا لەحەوشی ماڵی خاوەن مردووەکە یان لەبەر دەرگای ماڵە؛ سێ جار یا حەوت جار بەرز دەکرێتەوە و دەهێنرێتە خوارەوە، لەم سەروبەندەدا سەڵەوات لێدەدرێت؛ بەڵام لای هەموو خێزانەکانی ناو شاری هەولێر مەرج نییە مردوو بەناو ماڵدا بگێڕدرێت، لەوانەیە تەنها بەرز بکرێتەوە، کە ئەمە هیچ بنەمایەکی لە ئاییندا نییە، بەڵکو نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و لە ڕابردوودا بە زۆریی پەیرەوی لێکراوە، بەڵام هەنووکە لەلای هەندێک لە خێزانەکان ئەم حاڵەتە مومارەسە دەکرێت؛ ئەمەش وەکو نەریتێک ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی مردووەکە چاوی لەو ماڵە نەبێت کە بەجێی هێشتووە.

6- بەڕێوەچوونی مردوو ناشتن:

بەهەمانشێوە؛ مردوو ناشتن فەرزە لەلای هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام، باشتر وایە بەزوترین کات مردووەکە بنێژرێت، چونکە چەندە زوو ئەم کارە بکرێت مردووەکە لە تێکچوون دەپارێزرێت (تاوەکو جەستە مردووەکە نەئاوسێت و بۆن نەگرێت). ئەو شوێنەی مردووی تێدا دەنێژرێت دیاریکواوە؛ نابێ هەرکەسە و لە شوێنێکدا ئارەزوی لێیە و نەشیاوە بۆ مردوو ناشتن، مردووەکەی بنێژێ، چونکە شارەوانی ڕێگە بەم کارە نادات . ئێستا حکومەت لە هەوڵی ئەوەدایە گۆڕستان بەرێتە دەرەوەی شار، جگە لەو گۆڕستانانەی لەناو شار ماونەتەوە و شورەی بۆ کردوون. هەروەها هەوڵ دەدات

دوای ئەوەی بنەماڵەیەک کەسێکیان لێ دەمرێت، ئەوا ئەگەر شوێنی تایبەت بەخۆیان نەبوو بۆ شاردنەوەی مردووەکە؛ پارچە زەویەکییان بۆ تەرخان دەکات بۆ ئەوەی مردووەکەی لێ بنێژێت . هەندێ کەس هەن هەر گۆڕستانەکەیان بەناوی عەشیرەتەکەیانەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتخوازی.

باشتروایە هەر خێزانێک پارچە زەوییەکی خۆیان هەبێت و مردوەکانی خۆیانیان لێ بنێژن، بۆئەوەی کاتێک سەردانی گۆڕستان دەکەن ئاسان بێت بۆیان و تووشی هیلاکەتی و ماندووبوون نەبن، هەروەها سەردانی هەموو مردووەکانیان بکەن (هەر دانیشتوانی شاری هەولێر ئەمەیان ز ۆر لاپەسەندە ). ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن(ئامادەکردنی گۆڕێک بۆ مردووەکە) کەسە نزیکەکانی مردووەکەن؛ لە هەمانکاتدا ئێستا هەندێکەس بۆ خێری خۆیان بەبێ بەرامبەر، بە هەموو کارەکانی ئەم مەڕاسیمە هەڵدەستن، دەکرێت کەسێک لەبەرامبەردا بڕێک پارە وەربگرێت، بەڵام وانەبێت هەلپەرستی بکات؛ هەنووکە؛ تێچونی قەبرلێدان بەپارە گەیشتۆتە (٦٠٠) هەزار دینار، کە ئەمەش بڕێکی زۆرە، بەتایبەت بۆ هەژاران، جا لێرەدا وابەستەی کۆمەڵایەتی بەدەر دەکەوێت و بەهۆی ئەم مەراسیمانەوە پەیوەندییەکان زیاتر توند و قۆڵتر دەبنەوە.

شێوازی گۆڕەکە: کاتێک مرۆڤ وەفات دەکات، باشتر وایە گۆڕەکەی ئەوەندە بۆی قوڵ بکرێت، کە درندە یان گیانلەبەر نەتوانن جەنازەکەی بهێننە دەرەوە، یان بەهۆی ئاوێکی زۆر یان لافاوێک جەنازەکە بەدیار بکەوێت و بێتە دەرەوە. قوڵی گۆڕ، باشتر وایە مرۆڤێکی بەژن ئاسایی راوەستێ و دەستەکانی بەرز بکاتەوە، ئەوەندە قوڵ بکرێت، ئەم ئاستەی قۆڵکردنی گۆڕ بەبێ جیاوازی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ پیادە دەکرێت(لە شاری هەولێر قوڵی گۆڕەکە تا سەر سینگ هەڵدەکەنرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاکەکەی پتەوە و پێویست بەوە ناکات زۆر قوڵ بکرێت، هەندێکجاریش جیاوازی لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا دەکرێت لە چەندیتی قۆڵی گۆڕەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتەی کە ئافرەت عەورەتە و دەبێت گۆڕەکەی قۆڵتر بێت).

هەروەها دوو شێوازی گۆڕ هەیە؛ ئەوانیش : "یەک راست"(حفر )، یان "لاگۆڕ "(لحد )، ئینجا؛ دەبێت گۆڕ لە دەرەوە ئەوەندە بەرز بکرێتەوە کە بزانرێت ئەوە گۆڕە، دەکرێت نیشانەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی شوێنەکە بناسرێتەوە کە ئەوە گۆڕی کەسێکە، دەکرێت ئەو بەرزکردنەوەیە یەک بست یان دوو بست بێت . باشتروایە ئەو بەرزکردنەوەی هەر بە خۆڵ بکرێت، تەنها لای سەری گۆڕەکە شتێک دابنرێت و ناوی مردووەکەشی لەسەر بنووسرێ ت، بەڵام لەلای زۆربەی بنەماڵەکان کێلە گۆڕ بۆ مردووەکانیان دروست دەکرێت (ئەم کێلە گۆڕانە ئایەتی قورئانی و ناوی مردووەکە و ساڵی لەدایک بوون؛ ساڵ و ڕۆژی مردنی لەسەر دەنوسرێت، هەندێجار دەوترێت کە شەهیدە یاخود بەکارەساتێکی دڵتەزێن مردووە، هەندیجاریش دێرە شیعرێکی لەسەر هەڵدەکەنرت، زۆربەی ئەمانەش بۆ ئەوەیە تاوەکو مردووەکە بناسرێتەوە ).

هەندێک بنەماڵ زیادەڕۆیی دەکەن لەم بابەتە بۆ خۆدەرخستن لەناو خەڵکیدا؛ بۆ ئەم مەبەستە کێلە بەردی بەنرخ و گران بەها بۆ گۆری مردووەکانیان دادەنێن و دەیڕازیننەوە، تاوکو دەریبخەن ئەوەندە ئ ەو بنەماڵەیە مردووەکەیان لەلا خۆشەویستە.

شێوەی گۆڕیش لە شاری هەولێر، لای خۆمان زیاتر یەک راست"(حفر )ە بەکاردەهێندرێت لە زۆربەی کاتدا گۆڕ درێژییەکەی (٢) مەترە و پانییەکەی (١) مەتر دەبێت، قووڵییەکەی لای ئەوانەی خۆبەخشانە ئەم کارە دەکەن، بەبێ جیاوازی رەگەزی نێر و مێ، ئەوا بەقەد ناوەڕاستی یان پشتێنی کەسێکی ئاسایی گۆڕ قوڵ دەکەن، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستە بۆ لێدانی گۆڕێک ئەوا (لە ٣ کەس کەمتر نەبێت و ٥ کەس زۆر باش دەبێت ) کە نزیەکەی (٢-٣ سەعات) کاتی دەوێت . یان ئێستا بە حفارە بە بڕی (٨٠ بۆ ١٠٠ )هەزار دینار قەبر لێدەدرێت . لە زۆربەی کاتدا چەند گەنجێک لە کەسە نزیکەکانی خاوەن مردووەکە بەشداری دەکەن و ئامادە دەبن لە کاتی گۆڕ هەڵکەندندا، بۆئەوەی شتە

پێویستەکان ئامادە بکەن بۆ ئەوانەی کە گۆڕ لێدەدەن . لە کۆتاییدا پێویستیمان بە (نزیکەی ٢٠ بلۆک، ٥ کاشی شتایگەر دەبێت)، بۆ دروووستکردنی گۆڕ لە کۆتاییەکەیدا دووریز دیوار یان "دوو ریز و نیو " بەپێی قەڵەوی و زەعیفی مردووەکە دروست دەکەین، ئینجا بە قوڕ تەنیشتەکانی دەگیرێت و دوای دانانی مردووەکە رووە و قیبلە، ئەوا کاشی شتایگەرەکەی لەسەر دادەنرێت، ئینجا دەستدەکرێت بە خۆڵ بەسەرداکردنی.

هەروەها لەکاتی شەڕ و شۆڕ یاخود ئاوارە بوونی بنەماڵەکان؛ هەندێکەس مردووەکانییان بەئەمانەت دەنێژن؛ یاخود کەسەکە بەر لەمردنی وەسیەتی کردووە ئەگەر مرد لێرە بەئەمانەت بینێژن دواتر کە بارودۆخ چابووەوە بیبەنەوە شوێنی باو باپیرانی؛ ئەمەش بۆ عەشیرەتخوا زی یان ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان هەیانە و پێیانوایە تا لە مردووی خزموکەسەکانیان نزیک بن باشترە، چونکە بڕوایەکی وا باوە کە بە مردوویش دەتوانن پەیوەندیان لەگەڵ یەکدی هەبێت و بە تەنها نەبن . واتا ئەگەر مردوو وەسیەتی کردبوو لە شوێنێک بینێژن، ئەوا دەبێت وەسیەتەکە ی جێبەجێ بکرێت . شێوازی ناشتنەکەش باشتروایە لەلای قاچەکانییەوە سەری مردووەکە شۆڕ بکرێتەوە بۆئەوەی بە ئاسانی کارەکە جێبەجێ بکرێت.

کاتێک ئافرەتێک مردووە و لە گۆڕ دەنرێت، دەبێت کەسانی نزیکی خۆی هەڵیبگرن و لە گۆڕدا وەری بگرن. واتە دەبێت کەسانی مەحرەمی خۆی بن. لە ئێستادا نەریتێک هەیە؛ کاتێک مردوویەکی ئافرەت دەشارنەوە، ئەوا بەتانییەک یان پارچە قوماشێک لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت کاتێک شۆڕی گۆڕی دەکەنەوە، نەوەکو لەم پرۆسەیەدا مردووەکە لە دەستیان بەربێتەوە و عەورەتی دەربکەوێت.

لە راستییدا، پێشان تەلقینی سەرقەبران نەبووە، بەڵکو نەریتێکە داهێنراوە، مەبەست لەم کارەش ئەوەیە کە کەسە نزیکەکانی مردووەکە کە لەسەروبەندیی لەدەسدانی خۆشەویستێکیانن، بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە ئا لەم کاتەدا دەرفەتە و خاوەن مردووەکە ئامادەیی زیاتری تێدایە کە گوێ بگرێت؛ وەک دەڵێن: (باشتر قەبر و قیامەتی لە بیرە، بۆیە مامۆستاکان ئەو حاڵەتە بە دەرفەت دەزانن، تیاییدا ئامۆژگاری ئامادەبووان دەکەن، هەروەها مامۆستا ئایینییەکان دەڵێن ئەم تەلقینە بۆ زیندووانە نەک مردوان، چونکە ئەوان خۆیان و کردەوەی خۆیان چوونە جێگای حەقی خۆیان )، تەلقینی م ردووان بۆ مردوو نەبووە و نییە، چونکە ئەو کەسەی دوا ماڵئاوایی دەکات و لە تاریکی گۆڕدایە هیچ ئاگایەکی لە دەورەی گۆڕ و زیندووەکانی ئەو مەراسیمە نییە، بۆیە ئەو تەلقینە بۆ زیندووەکانە. ئەوەش بۆ ئەوەی هەر ئامادەبوونێک لە ڕێگای ئەو تەلقینەوە ئاگادار بێتەوە، کە ڕۆژێک ئەویش ماڵئاوایی دەکات و ئەم دونیایە بەجێدەهێڵێت، بۆیە باشتر وایە بەر لەو سەفەرە بەخۆیدا بچێتەوە و بۆ لای پەوەردگاری خۆی و ئایین و باوەڕەکەی بگەڕێتەوە.

هەندێک لەوانەی تەلقینی مردوو دەدەن لەسەر گۆڕ بەناوی دایکی بانگی مردووەکە دەکەن، ئینجا؛ وا پەسەندە پاش شاردنەوەی جەنازەیەک هەندێک لە ئامادەبوانی سەر قەبران بمێننەوە و کۆتایی سورەتی بەقەرە و هەندێک قورئان بخوێنن، دوایی ماڵاوایی بکەن و بڕۆن.

نوێژ گێڕانەوە(سەلات و ئیسقات): واتە گێڕانەوەی نوێژ لەلایەن کەسێکەوە بە پارە یا بەزێڕ بۆ مردووەکە . ئەم نویژە بـۆ کەسانێک دەگێڕدرێتەوە کە ئەگەر هەندێک لە نوێژەکانی ئەنجام نەدابێت و چووبێت، واتە ئەم نویژە بۆ کەسانێک نابێت کە لە ژیانیدا نویژی نەکردبێت. لێرەدا خاوەن مردووەکە لەگەڵ کەسێک ڕێک دەکەوتن تاوەکو لە بریی مردووەکەیان نوێژ و ڕۆژووەکانی بۆ بگێریتەوە، جا ئەم رێککە وتنە کاتێکە کە هێشتامردووەکە نەشاردراوەتەوە یان ڕۆژێک دوای ناشتنی مردووەکە، مەلایەک دەهێنرێت و لەناو پرسەی پیاوان ئەم ڕێک کەوتنەیان دەکرد و پارەکەیان دەدایە. بەمپێیەش لەڕابردوودا ئەم کارە زیاتر دەکرا و بڕوایان پێ هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم کارە زۆر گرنگی پێنادرێت. بۆ ئەم نوێژەش "صلات و ئیسقات " یەک بۆچوون هەیە لای یەکێک لە زانایانی (مەزهەبی احناف )، کە باسی صلات و

ئیسقاتی کردووە، بەڵام بەڕاستی وتەکە لەوپەڕی (بێهێزی و ئیش پێنەکردنە)، نوێژی بەپارە و پول لەسەر مردوو لاناچێ، هەروەها چونکە نوێژ لە هەموو کاتێکە وەکو بۆ نموونە ڕۆژوو نییە، لە ساڵێک یەک مانگ بێت، یان بۆ نوێژ دەکرێت کەسەکە بە پێوە بیکات، ئەگەر نەیتونی با بە دانیشتن بیکات، ئەگەر نەیتوانی با بە پاڵدانەوە بیکات، یان بە هەر شێوازێک بێت دەکرێت ئەنجامی بدات؛ بەڵام ڕۆژوو و نەزر و کەفارەتی سوێند و هەندێ شتی تر لەسە ر مردوو لادەچێ و خێری بۆ مردوو هەیە!...".

هەندێکجار دوای ئەوەی هەموو کەسەکان لەسەر گۆڕستان دەڕۆن، دوو کەس لەسەر گۆڕەکە دەمێننەوە لەگەڵ مردووەکە و، نزای خێری بۆ دەکەن، هەندێک قورئان دەخوێنن بەو مەبەستەی لە گۆڕدا بەزەیی پێدابکرێت.

هەڵگرتنی گۆڕ (*) یەکێکە لە نەریتەکانیمردووناشتن، هەندێک پێیان باشە دوای چلەی مردووەکە ئەم کارە ئەنجام بدرێت یاخود دەڵێن: بابارانی لێبدات، پاشان گۆڕەکە هەڵبگیرێت، چونکە نەوەکو دوای هەڵگرتنی داڕمێ، ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوە و بزر نەبوونی قەبرەکە دەکرێت، بەڵام لە ئیسلامدا واجب نییە؛ ئەوەی دەکرێت هەندێ جار زیادە ڕۆیی تیادا دەکرێت؛ ئەمەش هەر نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و پەیڕە دەکرێت.

خاوەن مردوو قەبری مردووەکەی هەڵدەگرێت؛ دیسانەوە بۆ جاری دووەم خۆشەویستی خۆیان بۆ مردووەکە دەردەخەن؛ لە هەمانکاتدا ئەمە ئاماژەیەکە تاکو بەخەڵکی بڵێن: ئێمە کەسەکەی خۆمان خۆشدەوێ و لەبیرمانە هەروەها بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی لۆمەی خەڵکی نەبنەوە . هەر لەدوای ئەمەوە، بەهەمان شێوە خێر دەکەن (بینراو یان نەبینراو یان هەردووکیان)؛(خێری بینراو واتا خێر دەکەن بەچاو دەبینرێت تاکو خەڵکی ببینێ و بزانن، بەڵام خێری نەبینراو ئەوەیە بەبێ ئاگاداری هیچ کەسێک بەپارە یاخود بەهەر شێوەیەک خێر بکەی بۆ مردووەکە، بەڵام کەس پێی نەزانێت).

٧- سەرەخۆشیکردن لەسەر قەبران:

سەرەخۆشیکردن لەسەر قەبران، ئەوە بابەتە ڕاستەکەیە؛ کە خاوەن پرسەکە ڕادەوەستێ لەسەر قەبران خەڵکەکەش سەرەخۆشی خۆیان دەکەن، واتە بنچینەکەی ئەوەیە پاش ئەوەی جەنازەکە بەخاک سپێردرا، سەرەخۆشی لە خاوەن مردووەکە بکرێت، لە سەرەخۆشیشدا باشتروایە بوترێت (ئەوەی خودا بردوویەتی هی خۆیەتی و ئەوەشی کە ئەیدات هەر هی خۆیرتی، هەموو شتێک لای خۆی کاتێکی دیاری کراوی هەیە، جا با ئارام بگرێ و بەهیوای پاداشت بێت)(سابق، ٢٠٠٧:٨٦).

دوای ئەوەی مردووەکە بە خاک سپێردرا، لەلایەن مامۆستایەکی ئایینیەوە، هەندێکجار بۆماڵئاواییکردن ئەو وشانە دەڵێت: (دەچیت بۆ شوێنێک زۆر لەم دنیایە باشتر، دەچیە بەردەم خودایەک زۆر لە مرۆڤەکان یان خزموکەسەکانت بەبەزەیی تر ...)، ئینجا ئە و کەسانەی ئامادە بوونە لەسەر قەبران دەستە دەستە و یان لە دوورەوە دوعای خێر بۆ مردووەکە دەکەن و گەردنی ئازاد دەکەن و خواحافیزی لێ دەکەن، ئینجا یەکێک یان جاریوایە ئەوەی تەلقینەکە دەکات یان گەورە و دەمراستی خاوەن مردووەکە داوا دەکات گەردنی مردووەکە ئازاد بک ەن و، هەروەها سوپاسیشیان دەکات بەوەی کە ئەزیەتیان کێشاوە بۆ سەر قەبران هاتوون. ئینجا خزموکەسە نزیکەکانی مردووەکە بە دوو ڕیز ڕادەوەستن بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەکەوە پرسەیان لێبکرێت، ئەوانیش خواحافیزیان لێ بکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕێز و خۆشەویستی کەس و کار و هاوڕێی مردووەکە دەردەخات کە چەندە ئەوان گرنگ و بەڕێزن لەلایان؛ لە هەمانکاتدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات.

---

* لێرەدا مەبەستمان لەوەیە : کاتێ دوو کێلە قەبر؛ یەکیان لەلای سەری مردووەکە و ئەوەی تریان لەلای قاچەکانی دادەنرێت؛ هەروەها ناو و بەرواری مردن ...هتد. لەسەر دەنوسرێت، ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوەی قەبرەکە دەکرێت.

٨- سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردوو:

پاش سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردووە، ئیتر پێویست ناکات جارێکی دیکە سەرەخۆشی لێبکرێتەوە . سەرەخۆشیکردن تاکو (٣) ڕۆژە، لە هەر ڕێگایەک یان شوێنێک خاوەن مردوو ببینرێت دەتوانرێت سەرەخۆشی لێ بکرێت یان دەکرێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن پرسە و سەرەخۆشی بە خاوەن مردوو بگەیەنرێت.

٩- ئامادەکاری بۆ پرسە:

پرسە واتا دڵدانەوە؛ لە ئیسلامدا پرسە ڕێگەپێدراوە و بە سونەتێک لە سونەتەکان دەژمێردرێت، بەڵام نەوەکو ئەوەی لە ئێستادا دەبینرێت . لەڕابردوودا پرسە (٧) ڕۆژ بوو، بەڵام دواتر بوو بە (٣) ڕۆژ. ئێستاش بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ئەوقاف بووە بە دوو ڕۆژ؛ ئامادەکارییەکانی پرسە دەست پێدەکات؛ هەرلەگەڵ گیان لە دەستدانی مردووەکە، ئەمیش بەئاگادار کردنەوەی کەس و کار و هاوڕێی خانەوادەکە؛ دواتر دەست دەکەن بەکۆکردنەوەی ماڵی خاوەن مردووەکە، بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ دانانی پرسە. لەئێستادا خێمە هەڵدەدەن(جا ئەمەش لەبەر بچووکی ماڵەکانەوە یاخود بۆ ئەوەی خاوەن ماڵ پیس نەبێت؛ لە هەمانکاتدا بووە بەنەریتیکیش )، ئەمە بۆ پرسەی ژنان، بەڵام بۆ پرسەی پیاوان دوای ئەوەی لە مزگەوت گەڕانەوە ماڵێکی دراوسێیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم مەبەستە، یان لە مزگەوت دادەنیشن و خەڵکی بۆ سەرەخۆشیکردن دێن بۆ مزگەوت.

لە مزگەوتدا، مەلایەک بۆ قورئان خوێندن ئامادە دەکرێت؛ لە هەمانکاتدا دەبێ مەلاژنێکیش بۆ پرسەی ژنان ئامادە بکرێت بۆ قورئان خوێندن لەبەرامبەر دەسحەقێک پارە وەردەگرێت، کە ئەمەش بووە بە نەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر مەلاژن بۆ پرسە نەهێنرێت، ئەوا؛ بەعەیبە بۆ یان هەژمار دەکرێت. بەڵام لەلای پیاوان؛ کەسانی نزیکی مردووەکە بە پێوە لە مەراسیمەکەدا دەوەستن و پێشوازیی لە خەڵکەکە دەکەن و بەخێرهاتنیان دەکەن . لەم دووڕۆژەدا خاوەن ماڵ لە پرسەکە دادەنیشێ و جلکی ڕەش دەپۆشێ و گریان و لاواندنەوە دەکەن بۆ مردووەکایان. خەڵکیش چین چین دێن هەندێک دادەنیشن و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆیان بۆ خاوەن پرسەکە دەر دەبڕن . لەدووەم ڕۆژی پرسەکەدا کاتێ مەولوود خوێندن تەواو بوو، ئیتر کۆتایی بەپرسەکە دەهێنرێت.

١٠- ئاماژەکانی مردووناشتن:

خاڵی گرنگی ئەو مەراسیمە لە ڕابردوو ئێستاشدا ئەوە بووە، کە کۆمەڵگای کوردی زۆر ڕێزی مردووەکانی گرتووە، ڕێزەکەش لە کۆمەڵێک نەریتدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:

یەکەم: شۆردنی مردووەکان لەلایەن کەسە نزیکەکانییەوە مانای ئەوەیە کە ئەو کەسانە دوا خزمەت و خۆشەویستی خۆیان پێشکەش بە مردووەکە دەکەن. جێگەی ئاماژەبۆکردنە کە پێشتر کەسە نزیکەکانی مردووەکە کاریی شوشتنەکەیان ئەنجامدەدا، بەڵام هەنووکە لەلایەن کەسانی شارەزاوە و بۆ خێری خۆیان ئەم کارە ئەنجامدەدەن، تەنانەت لە زۆربەی مزگەوتوو گەڕەکەکانی شاری هەولێر "بەتایبەتی گەڕەکە هەژارنشین و مامناوەندەکان " کۆمەڵێک کەس خۆبەخشانە بەم کارە هەڵدەستن.

دووەم: ئامادە بوونی زۆرترین کەس و کۆمەڵانی خەڵک و بەڕێکردنی کۆچکردووەکە بۆ گۆڕستان و ئامادەبوونیان لە ڕۆژانی پرسە، مانای پەرۆشی کۆمەڵگای کوردییە بۆ مردووەکانیان.

سێیەم : ئامادە بوونی مامۆستایانی ئایینی لە تەواوی مەراسیمەکە، مانای ڕێزگرتنی کۆمەڵگایە لە ئایین و مامۆستاو باوەڕ و نەریتەکانی ئینجا ئەمانەش تێکەڵاوی سستمە کۆمەڵایەتییەکە کر اوە و بووە بە بەشیک لە کولتووریی کۆمەڵگا.

کەواتە ئێمەی کورد ساڵانیکە مردووەکانمان ناشتووە بۆ ئەوەی خۆمان نەمرین، بەڵام کەسیش لەدەست ئەو ویستگەیە دەربازی نەبووە، بۆیە باشترین مامۆستا بۆ تاقیکردنەوە مرۆڤەکان بووە، گەر مردنیش نەبوایە (ژیان)هیچ مانایەکی نەدەبوو(ئەنوەر، ٢٠١٠: ٢٧-٢٩).

١١_وەزیفەکانی مردووناشتن

1_ وەزیفەی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی:

هەوڵدان بۆ مانەوە لەسەر داب و نەریتی کۆمەڵگا؛ بەوپێیەی مرۆڤەکان هەڵگری داب و نەریتی کۆمەڵگای خۆیانن، جا ماددی بێت یا مەعنەویی. هەروەها پابەندبوون بەم مەراسیمەوە کۆشانە بۆ پاریزگاریکردن لە بەها و عورفی کۆمەڵگا؛ واتا مانەوەی شوناسی تاکەکەیە، ئینجا لەناوچوونی هەریەکە لە و داب و نەریتانە؛ لەناچوونی شوناسی ئەو کۆمەڵگایەیە . بەم پێیە ئەنجامدانی ئەم مەراسیمانە بەشێوازێکی ڕێک و پێک دەرنەچوونە لە داب و نەریتی کۆمەڵگا، چونکە بووە بەکولتووریی ئەو کۆمەڵگایە . هەروەها وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی لە و کاتەدا دەست پێدەکات کاتێک هەواڵی مردنی کەسێک دەبیسترێت؛ جا کەسێکی نزیک یاخود هاوڕێ یانیش ناسیاو بێت، ئەوا دەست بەجێ خەڵکی بۆ ماڵی خاوەن مردووەکە دەڕۆن و یارمەتییان دەدەن لەئامادەکارییەکانی مەرا سیمەکە؛ ئەمەش وابەستەی کۆمەڵایەتی لەنێو تاکەکان بەهێز دەکات؛ لەهەمانکاتدا پەیوەندیی تاکەکان لەگەڵ یەکتر بەهێز دەکات . هەر ئەمەشە وادەکات ئەگەر هەرناخۆشییەک لەنێوانیاندا ڕوویدابێت وەلای دەنێن؛ وەک ئەوە وابێت هیچ شتێک ڕوونەدابێت . دەوروبەرەکە هەموو کارێک دەکەن بۆ یارمەتیدانی خاوەن مردوو، وەک : سەرەخۆشی لێکردن و دڵنەوایکیردنی خاوەن مردووەکە (هەردەم دەڵێن: ئەمە ئەمری خوایە، هەموومان ئەم ڕێگایەمەن لەپێشە، جا یەکێکمان نزیک ئەوی تر دوورتر، خواسەبرو ئارامیت پێببەخشێت، خوا لەگوناهی خۆشبێ، ئیشەڵا شوێنی باش دەبێت ). ئەمانە هەر هەمووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان بەهێز دەکات؛ لەهەمانکاتدا پێگەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکە و مردووەکە لەنێو کۆمەڵگا دیاری دەکات.

٢_ وەزیفەی ئایینی:

هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە؛ مرۆڤ هەوڵیداوە خۆی لەوە ڕابهێنێت کە هێزێک لە سەروی مرۆڤەکانەوە هەیە کە هەوڵدەدات پارێزگاریی لێبکات؛ لەهەمانکاتدا ڕێنیشاندەرییانە بۆ کردنی چاکە و نەکردنی خراپە، بەم پێیەش بووە بە بەشێک لە کولتووریی کۆمەڵگا جیاوازەکان . ئایین بەشێکە لەکولتوور، هەروەها ئایینی گرنگترین بەشی سستمی کۆمەڵایەتییە و کاریگەرییەکی زۆ ریی هەیە لەسەر تاکەکان؛ ئەم کەڵەکە بووە کولتوورییە وەزفەیەکی ئایینی هەیە لەنێو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا . بەها ئایینییەکان وادەکەن تاکەکان هەست بە ئارامی بکەن و دانبەخۆیان دابگرن، هەروەها یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بەسەر ناخۆشیەکاندا زاڵبێت؛ بەتایبەتی لەکاتی لەدەست دانی کەسێکی ئازیز و خۆشەویست. ئایین یارمەتی و دڵنەوایی بۆ خاوەن مردوو دابین دەکات،، پابەندبوون بە پێوەرە ئایینییەکانەوە وادەکات ڕێز لە گەورەیی و شکۆمەندیی مردوو بگیرێت و شکۆی مرۆڤایەتیی بەرز ڕابگیرێت. هەروەها لەو ساتەوەختەدا دەڵێن: ئەمە قەزاو قەدەرە و دەبێ ئیمانمان پێبێ. باوەڕبوون بەقەزاو قەدەر متمانە بە ئیشی خوایە و دەبێ ڕێزی لێبگیرێت و ڕازی بن بە بەشی خوا. هەروەها سەبرگرتن بەبینینی ئەم موسیبەتە شوکر و سوپاسی خوا بکات و ڕازی بێت بەو بەشی کە داوێتی پێی؛ ئەوا سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر بەو تاکە هەیە، بەڵام کاتێ تاکەکە ناشوکر دەبێت، ئەوا ناخۆشتری برسەر دێت .

هەروەها بڕوابوون بەبوونی بەهەشت و جەهەنم. ئەو مەراسیمی مردوو ناشتنە؛ پابەندبوونە بە بەها ئاینییەکانەوە، کەواتە ئەم ڕێورەسمانە وەزیفەی کۆمەڵایەتییش ئەنجام دەدەن.

٣_ وەزیفەی دەروونی

لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویس ت وا دەکات تاکەکان ناڕەحەت بن و خەمبخۆن بۆ لەدەستدانی ئەو کەسە نزیکەیان؛ ئیتر کەسوکاری مردووەکە بە گریان، شیوەنکردن و لاواندنەوە ئەو خەمەی خۆیان دەردەخەن، هەم وەک کەناڵێکی خۆبەتاڵکردنەوەیە لە نارەحەتی و ناجێگیریی دەرونی هەمیش ئاماژەیەکە بۆ خەڵکی کە پێیان ڕ ابگەیەنن؛ ئەوان چەندە کەسەکەی خۆیان خۆش ویستووە.

**یازدەم:ئەنجامەکانی توێژینەوە**

١- تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە لەشێوازی بەخاکسپاردنی مردووەکان؛ پارێزگارییان کردووە لەم نەریتە.

٢-ئەم مەراسیمە پێگەی کۆمەڵایەتی مردووەکە دەردەخات؛ لە هەمانکاتدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان بەهێز دەکات تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە ڕێز و سەنگی خۆی لەدەست نەداوە.

٣- گۆڕانکاری لەهەندێک لە نەریتەکان و هاتنەناوەوەی نەریتی نوێ وەکو هێنانی مەلاژن بۆ قورئان خوێندن و مەولوود خوێندن بە پارە؛ ئەمەش بەوپێیەی شاری هەولێر فرەکولتوورە و کاریگەرییان هەبووە بەسەرییەوە.

٤- باشبوونی باری ئابووری خەڵکی شاری هەولێر؛ وایکردووە هەندێک زیدەڕۆیی لەم مەراسیمانەدا بکرێت.

٥- شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە تاکو ئێستا هەروەکو خۆیەتی؛ لەلای هەژار و چینی ناوەند، بەڵام لەلای چینی باڵا لەلایەنی خەرجییەوە هەندێ زیادەڕۆیی تیادا دەکرێت.

٦- ئێستا بەزۆری سەلات ئیسقات ناکەن، چونکە خەڵکی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ئاینیانەوە تێگەیشتون کە مرۆڤەکان دوای مردن پێویستیان بەم کارە نییە.

٧_ مەراسیمی مردوو ناشتن ئەم وەزیفانەی هەیە وەک: کولتووریی و کۆمەڵایەتیی، ئایینی و دەروونی.

دوازدەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١- داوادەکەین توێژینەوە لە شێوازی مەراسیمی مردوو ناشتنی ئایینزاکانی تریشدا بکرێت، دواتر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە.

٢- ئەمە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە مەراسیمی مردوو ناشتن لە شاری هەولێر، پێشنیار دەکرێت توێژینەوەیەک لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەبارەی مەراسیمی مردوو ناشتن بکرێت، دواتر بەراوردیان پێ بکرێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، بۆ ئەوەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانمان بۆ دەرکەوێت.

**سێزدەم: پێشنیارەکانی توێژینەوە**

١_ وەزارەتی ئەوقاف، لە ڕێگەی مامۆستایان و میمبەری مزگەوتەکان هەڵسن بە وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەندێک نەریتی نەشیاو و ناپەسەند هەیە باسی بکەن، بۆئەوەی خەڵکی لەم کارە ناپەسەندانە دوور بکەوێتەوە.

٢- پێشنیار دەکەین لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە خەڵکی هۆشیار بکرێنەوە بەرامبەر بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە، شتەکان بەسادەیی ئەنجام بدرێت نەک ئاڵۆز بکرێت.

**References**

Abeidat, Muhemad & Mebizin, Muhemad.(1999). *The Research Methods, Oman:* Waal for publication.

Abrash, Ibrahim Xelil. (2009). *Scientific Method in Social Since*, Ramella: Shruq forpublication.

Ahmed, Busahe. (2014). *Dead in Religions*, translate to Kurdish: Dana Mela Heseen, Sulemani: Andeshe for publication.

Al-Aqibw, Hnd.(2007). The Social Meaning of Dead Phenomena (Anthropological Fild Study), Dimashq Universty Journal, No.2.

Al-Hasaan, Ihsan Muhemad.(1999). *Sociology Encyclopedia,* Beirut: Arabic for publication.

Al-Qesas, Mehdi Muhemad.(2009). *Social Research Design*, Diwaniia: Nybor for publication.

Al-Sirfy, Muhemad Abdulfetah.(2008). *Scientific Research (Guide Line)*, Oman: Waal for publication.

Al-Waali, Abduljebar.(1982*). The Mind, Self and Soul*, Beirut: Obeidat for publication.

Al-Xeyat, Majid Muhemad.(2010). *The Basic of quantitative and qualitative research in social science*, Oman: Al_raya for Publications.

Al-Xrfy : Muhemad Abdul fetah.(2008).

Al-Zebary, Tahr Hasso. (2011). *The Research Methods in Sociology*, Beirut: Majd Publications Organization.

Anwer, Keiwan Azad. (2010). *Kurdish Tradition,* Sulemani: Chwar Chra for publication.

Bayezid, Mela Mehmud.(2015). *Traditons and Kurdish Documentes*, translate to Kurdish: Shukrie Resull Ibrahim, Erbil: Jemil Rozhbeyani Historical center.

Hesse-Biber, S. N. & Leavy, P. (2011). *The practice of qualitative research*. Translate to Arabic: Henaa Al_Jawhery. Qairo: Book Organization.

Kuban, Jan. (2007). *Athnology Fild Survey,*Translate to Arabic: Jehide Lawnd, Bagdad: Strategy Study Institution.

Muhsni, Manojeher. (2007*). Sociology*, translate to Kurdish: Muslih Ierwani, Erbil: Mukrayn Organizetion for publication.

Nashmyaz, Chava Frankort, David. (2004). *The Research Methods in Social Science*, Translate to Arabic: Laila Al-Teuil. Dimeshq: Btra for publication.

Qendeliji, Amr & Al-Samaraii, Iman. (2009). *Scientific Research "quantitative and qualitative",* Oman: Yazwrifor publication.

Sabr, Herdy.(2013).*Etiquette for Dead with Picture*. Silaimany: Sharstan for publication.

Said, Sadq. (2007). *Fiqh Sune*, translate to Kurdish: Hema Amin Ahmed Berznjy. Sulaimany: Roshnbir for publications.

Skot, Jon & Marshall, Gordon. (2011). *Sociology Encyclopedia*, Translate to Arabic: Muhemad Al-Jawhery and The others. Qairo: Al_qewmi for translation.

Salim, Shakr Mustafa. (1981*). Anthropological Dictionary*, Kuet: Kuet University.

Sndi, Bedrxan. (2008*). Kurdish Society in Orientalist attitudes*, translate to Kurdish: Ismail Ibrahim Seid. Erbil: Mukrayn Organization for publication.